نوال السعداوی:

# پایەی رۆماننووس لە سەرۆک کۆماری گرنگترە
# من لەگەڵ میگەڵدا ناڕۆم.



نوال السعداوی.

و: شێرزاد هەینی . سوید
Sherzad55@hotmail.com

چەند مانگێکە دوا رۆمانی دکتۆر نوال السعداوی بەناوی ( الروایه ) لە دەزگای الهلال لە میسر دەرچوو، وەک هەموو جارێک رۆژنامەکان هەواڵی ئەوەیان بلاوکردەوە کەوا الازهر ئەو رۆمانەی راگرتووەو، بیانۆشی ئەوەیە کەوا رۆمانەکە ئاینی ئیسلامی لەکەدارکردووە، دەزگای الهلال ئەو هەواڵەی بەدرۆخستەوە، کەوا رۆمانەکە لە بازاردا بلاوبویەتەوەو دەفرۆشێت. نوال بۆ سەرۆکایەتی کۆماری میسریش خۆی پالاوتووە، ئەویش هاوشانی ئەو پەنجا کەسەی تر ویستیان بەرامبەر سەرۆک حوسنی مبارک خۆیان بۆ سەرۆک بپاولێون، ئەویش پێش ئەوەبوو کە سەرۆک مادەی 76ی دەستووری سەبارەت بە هەڵبژاردنی راستوخۆی سەرۆکی گۆڕی.

نوال السعداوی، لە گوندی ( کفر طلحه ) ی دووری 40 کم لە باکووری قاهیرە لەدایکبووە. لە ساڵی 1955 بکالۆریسی لە پزیشکی دەروونی وەرگرتووەو ماجستێری لە زانکۆی ( کۆلومبیا ) ی نیویۆرک لە ساڵی 1965 وەرگرتووە، لە زانکۆی ( عین الشمس ) لەساڵی 1974 دەراسەتێکی زانستی مەیدانی لە تەندروستی دەورونی کردووە، لە وەزارەتی تەندروستی پاش دەرچوونی لە ساڵی 1972 کاریکردووە. لەسەر نووسینە سیاسییەکانی لە کار دەرکراوە، لە کاروباری گشتی زیندوو بوە، لەساڵی 1971 بەشداری دامەزراندنی کۆمەڵەی نووسەرانی ژنانی میسری کردووە، لەساڵی 1968 بەشداری کردووە لە دامەزراندنی کۆمەڵەی رۆشنبیری تەندروستی، بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی ئیداریی هەڵبژێردراوە. لە ساڵی 1982 کۆمەڵەی هاوکاری ژنانی عەرەبی دەولی و کۆمەڵەی هاوکاری ژنانی لقی میسری لە ساڵی 1985، لەساڵی 1968 گۆڤاری ( تەندروستی ) و گۆڤاری ( نون ) ی دامەزراندووە.

نۆ رۆمان و حەوت کورتە چیرۆک و دوو شانۆنامەو دوو کتێبی بیرەوەری و شەش کتێبی زانستی وەک:

ژن و سیکس 1969

مێینه ئەسلەکەیە 1971،
پیاوو سیکس 1973
رووی رووتی ژنی عەرەبی 1974
ژن و بەربەرەکانی نەفسی 1975
دەربارەی ژن 1988،
بۆچوونەکانی ئەم کتێبانە لە میسر لەبەر رووبەرووبونەوەی ئاشکراو زەق بەرامبەر بینینی عەرەبی دەربارەی ژن و پەیوەندی بە پیاوو ئاینی ئیسلام، کێشەو رەخنەی زۆری پەیداکردووە، ئەو کتێبانە ناوبانگی جیهانی بۆ نوال السعداوی پەیداکرد، بە ژنی داواکاری یەکسانی مرۆڤ بەتایبەتی ژنان ناسراوە. کتێبەکانی بۆ چەندین زمان وەرگێردراوە، بە پێی ئاماری کتێبخانە جیهانیەکان، ئەو کتێبانە زۆرترین کتێبی عەرەبیین لە جیهاندا فرۆشراون و دابەشکراوون. کە ناوبانگی دەرکرد لە چەندین سیمینارو کۆنگرەی عەرەبی و جیهانی سەبارەت بە مافەکانی ژنان و ئەدەب و تەندروستی لە زانکۆکانی جیهان دیداری هەبووە. لە وڵاتی میسر یەکجار لەسەر نامیلکەی کورتە چیرۆکی ( داوو دیوار ) لەساڵی 1974 لەلایەن ئەنجومەنی باڵای هونەرو ئەدەب خەڵاتکراوە. لە وڵاتانی عەرەبی و جیهانی چەندین جار خەڵاتکراوە، خەڵاتی دۆستایەتی عەرەبی و فەرنسی 1982 لە سەر رۆمانی ( ژنێک لە خاڵی زیرۆوە )، و کتێبی ( رووی شاراوەی حەوا ) ئەو ساڵەی کۆمەڵەی هاوکاری ژنی عەرەبی دەولی دامەزراند وەرگرت. دەستەی کەلەپووری عەرەبی لە ئوستراليا لەساڵی 1988 خەڵاتی جبرانی ئەدەبیان پێبەخشیووە. لەساڵی 1989 مەدالیای جەماوەری لیبی وەرگرتووە. لە ئەسپانیا لە ساڵی 2003 خەڵاتی بریمی کاتالونیای ئەنترناشیونالی ئەدەبی وەرگرتووە. خەڵاتی باشوورو باکووری ئەنجوومەنی ئەوروپی لە ساڵی 2004 وەرگرتووە. پاش دوو مانگ لە هەواڵی بڵاوبوونەوەی دەستبەسەر داگرتنی رۆمانی ( رووخانی ئیمام ) ئەوەی کە لە ساڵی 1987ەوە دەرچووبوو، دکتۆرای فەخری لە زانکۆکانی : ئالینو لە ئەمریکاو ترومسو لە نەرویژو یورک لە ئەنگلتراو سانت ئاندروز لە ئەسکتلندا وەرگرتووە.

ــــ بەراستی رۆمانەکەت دەستی بەسەرداگیراو قەدەغەکراو ... بۆچی ..؟؟

نازانم دەستی بەسەرداگیراوە یان نا .. !! الازهر نامەی تایبەتی بۆ نەناردووم، منیش وەک خوێنەرانی ئاسایی هەواڵەکەم و چەند برگەی ناو رۆمانەکەم خوێندەوە، گوایە ئەو برگانە دژ بە شەریعەتی ئیسلامن، منیش لەو لۆژیکە سەرم دەرناچێت، ئەوە رۆمانە، لەرۆمان دەکرێ کەسی بێئیمانیش هەبێت، دەکرێ ژنی خوێنرێژی تێدابێت .. دیارە ئەوانە کەسایەتی نەزۆکیان دەوێت ..؟؟ دیارە داری بەبەر بەردی تێدەگیرێت، بۆیە رۆمانەکەم قەدەغەیە، چونکە من پەنجا ساڵە بیرو هزری میللەتەکەم دەهەژێنم، کۆمەڵگەی ئێمە راوەستاوە، زیاد لە پێویست دووروون، ترسنۆکن لە دەستەڵات دەترسێن، کۆیلەن، گەر نووسەرێ، هەرکەسێ شتێکی وت، دەترسێن، بەچەندین شێوە لە پارێزگاری و بەرگری دەگەرێن!

ــ راپۆرتەکانی روشنبیری جیهانی، ئەوەیان سەلماندووە، کەوا کتێبەکانی تۆ لە هەموو کتێبەکانی عەرەبی تر بازارو ناویان هەیە، دیارە لەبەر ئەوەیە تۆ بەو جۆرە نوسینانە هەستی خۆرئاواییەکان دەووروژێنت، بە بابەتی سوونتکرنی ژنان و سێکس ... تۆ چی دەبێژیت ..؟

ئەوانەی ئەو جۆرە قسانە دەکەن داردەستەی حکومەتن، ئەو دەستەیەی لە رۆژنامەی ( الاهرام ) کاردەکەن و مووچەی زۆر وەردەگرن، کە هێرشم بردە سەر سەرنووسەرو سەرۆکی ئەنجومەنی ئیدارەی رۆژنامەی الاهرام ئەوەی پشتیوانی لە سەرۆک حوسنی موبارک دەکات، ئەوانەی ئەمریکا پاڵپشتیان دەکات زۆر نیگەران و دڵتەنگ بوون، ئەوانە دەبێژن من بۆ خوێنەرانی خۆرئاوایی دەنووسم، وەک درۆکەی بۆش وایە کە دەڵێت من عیراق رزگار دەکەم. من پشتیوانی سەربەستی ژنان دەکەم، داوای گۆڕانی ئەو یاسایانە دەکەم کۆت و بەربەست

بۆ ژنان دادەنێت، من ئەوە دەڵێم سۆزان موبارکیش هەمان ئەو قسانە دەکات، کەس جورئەت ناکات رەخنە لەو بگرێت ..! کە ئەنجوومەنی نەتەوەیی ژنانمان بە هاوکاری چەند ئەندام و کەسایەتی کارای مەسەلەی ژنانە دامەزراند، بەو ئەنجوومەنە چەندین دەستکەوتمان دەستکەوت. کۆششم بۆ نەهێشتنی سوونەتکردن ژنان لە زانیاری تەندروستی و پزیشکییەوە هاتبوو، من دەمزانی سوونەتکردنی ژنان چەند زیان بە تەندروستی ژنان دەگەیێنێت، ئەوانەی هێرشم دەکەنە سەر شارەزاییان لەو بابەتە نەبوو. ئەو رووناکبیرەی رەخنە لە کەماسییەکانی ناو کۆمەڵ نەگرێت و گۆڕان بەرنامەی نەبێت، با قەلەمەکەی بشکێنێت و پشوو بدات و پاڵبداتەوە. ئێمە فێری ئەوە کراوین قەلەم ستایشی بەرپرس و دەستەڵاتداران بکات. دکتۆر جابر عصفور ئەمینی گشتی ئەنجوومەنی باڵای رۆشنبیری نەوێرا لێکۆڵینەوەی ژنە نووسەرێکی لوبنانی بڵاوبکاتەوە.

کە نووسەرێکی ژنی ئازا بە نوسین، رەخنەی لە سێگۆشەی قەدەغەو حەرامی وەک ئاین و سێکس و سیاسەت دەگرێ، کە داوا چاکسازی لە کۆمەڵ دەکات، بێگومان هێرشی دەکرێتە سەر، من داوای رەوشتی بەرزی راستەقینە دەکەم، ئەوەش بە دەستەیەکی بەرزی زانا دەکرێ. بەداخەوە کەس گوێم لێ راناگرێت. رەخنەگرەکان کارمەندانی دەولەتن، لە بازاردا چە زۆرە رۆمانی دژ بە سیاسەتی دەولەت هەیە ..؟؟

ــ ئەوەی جێگای سەرنجە تۆ تەنیا لە دەرەوە خەڵاتکراویت، لە ئاستی ناوخۆش کەس خەڵاتی نەکردووی، پرسیارو گومانەکە لێرەدایە..!!؟

لە ساڵی 1974 سەرەتای ژیانی نوسینم بوو، توفیق الحکیم کە سەرۆکی بەشی چیرۆک بوو لە ئەنجوومەنی باڵای چاودێری هونەرو ئەدەب لەسەر کۆمەڵە چیرۆکی ( داوو دیوار ) ەکەم منی بۆ وەرگرتنی خەڵاتی هاندانی دەولەت پاڵاوت، یوسف السباعی ئەوکات وەزیری رۆشنبیری بوو، خەڵاتەکەی بۆ من بە رەوا نەبینی و بەخشی بە کەسێک پەیوەندی بە نووسینەوە نەبوو، ئەگەر لەسەر الحکیم قسەمان هەبووە، بەڵام ئەو سووربوو لەسەر هەڵبژاردنەکەی، ئەوەش لەسەر چەندین مەسەلەی هاوکیشەییەوە وەستابوو. زۆریش دەپرسم، بۆ باسی نەجیب مەحفووز ناکەن، خۆرئاواییەکان نووسینەکانی ئەویان لاپەسندبووە، بۆیە خەڵاتی نۆبلیان بە رەوا پێ بینیووە...؟

ــ نەجیب مەحفووز پێش نوبل چەندین خەڵات و رێزلێنانی لە وڵاتا وەرگرتبوو ..؟

خەڵاتەکانی منیش لە ئاستی نۆبلە بەڵام لە شێوەی تر، من لە ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپی و ئەفریقیەوە خەڵات کراوم، کتێبەکانی من تەرجەمەی زۆرتر لە 30 زمان کراون، لەوانە ئەندونیسی و هیندی و تورکیش، جیاوازی و پاوانخوازی لە نێوان خەڵکدا کارێکی ناشیرینە، نەجیب مەحفووز لەبەر ئەوەی هاوکاری حکومەت بوو، لەگەڵ الساداتا پاڵپشتی ئاساییکردنەوە بووە، نووسەری رەسمی و قسەکەری رەسمیان بووە، بە پێچەوانەی من. خەڵاتی نۆبل پێش هەموو شتێک سیاسیە، من سیاسەت و ئەدەب لەیەک جیاناکەمەوە. ئەوانەی منیان خەڵاتکردووە لەبەر ئەوەبووە من دژی دەستەڵاتم، لە خۆرئاوا زۆرن ئەوانەی دژی سستەمی چینی باوکایەتین .. منیش وام، لە ئەمریکا ملیونەها کەس دژی شەڕی عیراق بووینە، ئەوانەبوون پێش 14 ساڵ بواری خوێندنیان لە زانکۆکانی ئەمریکی بۆ سازکردم، من داوام کرد لە زانکۆی قاهیرە وانە بڵێمەوە، قبوولیان نەکرد، پاسەوانیان بۆ دانام، کۆمەڵەی هاوکاری ژنانی عەرەبییان پێداخستم، گۆڤاری نون و تەندروستیان داخستم.

ــ بۆ هەست دەکەیت کتێبەکانت تەرجمەی زۆرترین زمانی جیهانی کراوە ..؟؟

ئەوانیش دەپرسن: بۆچی کتێبەکانم زۆر تەرجمەکراون ..؟؟

بەپێی ریککەوتنامەی رەسمی حکومییەوە کتێبەکانم تەرجمە نەکراون، بەرێکەوت کراون، من کە شووم بە دکتۆر شریف حتاتەکرد، دایکی شریف ئینگلیزبووە، ئەوەش بواری خۆشکردووە ئەو هەردوو زمان چاک

فێربێت، عەرەبی و ئینگلیزی، پێش زۆرتر لە 40 ساڵ شووم بەو پیاوەکرد، پاش ئەوەبوو کە لە زیندان ئازادکرا، ئەو 15 ساڵ لەسەر خەبات دژ بە داگیرکەرانی ئینگلیزو دژ بە ئیسرائیل و ئەمریکا گیرابوو، بۆیەش ئەوە دەڵێم چونکە زۆرن ئەوانەی دەبێژن مناڵی دایک بێگانە جاسووسیان لێدەردەچێت ..! شریف بە نووسینەکانم سەرسام بووو کتێبی ( رووی رووتی ژنی عەرەبی ) یەکەمی تەرجەمەکردو پێشکەشی دەزگایەکی پەخشی ئەمریکی کرد، ئەوان چاپیان نەکرد، دەزگایەکی چەپی ئینگلیزی بەناوی کتێبی ( زێد بووک ) لەساڵی 1980 چاپیانکرد، ئەو دەزگایە ئێستا دەزگایەکی گەورەیە، بابەتەکەی زانستی بوو، بەڵام من وەک هەموو نووسینەکانم بە شێوەی ئەدەبی نوسیبووم، کتێبەکە سەرکەوتنی زۆری بەدەست هێناو تەرجمەی 30 زمانکرا، بۆیە دەزگایەکە داوای چەندین کتێبی منیان کرد، زانستییەکان و ڕۆمانەکان .. پیاوەکەم زۆربەی کتێبەکانی منی تەرجمەکردووە، بۆیە هەموویان جوان تەرجمەکراون، ئەوانەی کەسانی تر تەرجمەیان کردوون مامناوەندیین.

ـــ ڕەخنەگرەکان وتوویانە نووسینە ئەدەبیەکانت زۆرتر بایەخیان بە ناوەرۆک داوە، نەک لایەنی ئەدەبی، ئەوەش بواری خۆشکردووە کارەکانی تۆ وەک کاری سیاسی و خۆشت وەک خەباتگێرێکی سیاسی بناسرێیت ..؟؟

بەراستی ڕەخنەگرە میسرییەکان رایان وایە، ئەوان وتوویانە، ئەو توێژینەوەی کۆمەڵایەتی دەنووسێت، ئەو قسانەش دەستەڵاتداران دڵخۆش دەکات، ئەوەیان لە دەرەوە دزراوە، لە ئەلمانیا لەگەڵ ڕەخنەگرێکی ئەلمان نەگەیشتینە یەک، لەسەر بابەتێک ناکۆک بوین، پاشان ئەو قسەیەی کرد، ڕەخنەگرانی ئەوان لە ڕەخنەگرانی ئێمە باشتر نین، نووسینەکانی من پێویستیان بە نەوەیەکی تر هەیە، ڕۆژێ دادێ بەهای نووسینەکانی من دەزانن، نووسەرێکی وەک کافکا کە مرد یەک سەگ لەگەڵ تەرمەکەی بوو، دوایی نرخیان زانی. روناکبیران و ڕۆشنبیران بەردباران دەکرێن و دەکوژرێن و لەسەر روو رایاندەکێشن و ناوزەر دەکرێن. لە سپتمبەری 1981 خەڵکی زۆر گیراو السادات ئێمەی بە پلانگێر ناوبرد، لەراستیدا ئەو پلانی دژی ئێمە بەرپاکرد، دۆستایەتی لەگەڵ ئەمریکاو ئیسرائیل مۆرکردو ناوچەکەی بەرەو ئەو ئاراستەیە برد، یەکێتی عەرەبی دڕاندو خاکی فەلەستینی فەوتاندو داگیرکردنی عیراق هاتە ئاراوە. لەو ڕۆژەوە دەبێ لە جیاتی نەتەوەی عەرەب زاراوەی خۆرهەڵاتی ناوەراست بەکاربهێنیت، ئەگەرنا سزا دەدرێت. لەسەرەتای ڕۆژانی دەستەڵاتیدا سەرۆک مبارک ئێمەی لە ماڵەکەی خۆی بینی و وتی:

ئێوە بەستەزمانن .. منیش وەڵامم دایەوە .. وا بە سادەیی؟ داوام لەسەر حکومەت لەسەر ناوزەرکردن و گیرانی سێ مانگ لە دادگا تۆمارکردو داوای قەرەبووم کرد، کێشەکەم بردەوە، راستە من داوای یەک ملیۆن جنیەم کردبوو، ئەوان سێ هەزار جنیەیان دامێ، بەهەرحاڵ من بەوە حکومەتم بە دەزگایەکی پۆلیسی ناوهینا. السادات دەوری زۆری هەبووە لەو ڕەوشە تازەیەمان، ئەگەرچی تەنیا نەبووە، بەڵام لەسەردەمی ئەوبووە. هەرەسەکە پاش نسکۆی 1967 بووە کە جمال عبدالناصر بە دەستپێشخەرییەکەی روجرز رازی بوو، لە پاش نسکۆوە گەندەڵی دەستەڵات و بەڕێوەبردن و گەندەڵی سەرکردایەتی پەیدابوو.

ـــ لە دواییدا دەبێ بپرسم، راستە تۆ خۆت بە سەرۆکایەتی سەرۆک کۆماری مصر پاڵاوت.. ؟

بەڵێ ئەوە هەواڵە راستە. تەنیا بۆ شکاندنی موحەرەماتە سیاسیەکان خۆم بۆ سەرۆکایەتی کۆمار پاڵاوت. خۆم پاڵاوت تا لە هەرمە گەورەکە نزیک ببمەوە. لەبەر زمان درێژییم لە کۆبونەوەی سەرۆک لەگەڵ نووسەران و ڕۆشنبیران بواری بەشدارییکردنم نەدرا. بەو هەنگاوە بوار خۆشکرا تا کەسانی تر هەمان ڕێباز پەیرەو بکەن، ئەوەش شەڕێکی براوەبوو، دەروازەیەکی داخراوم کردەوە. من زۆر حەز بە کردنەوەی ئەو دەوازە داخراوانە دەکەم، باوکم پیاوی الازهریی بوو، لەبیرمە جارێک وتی:

من زۆر خۆم بە گرانبەها دەزانم چونکە کە سەرپشک دەبم لە نێوان ئاسان و گران من هەر گرانیم

هەڵبژاردووە.

من لەگەڵ مێگەڵدا نارۆم، من وا دەزانم پلەو پایەی رۆماننووسیم لە پلەی سەرۆکایەتی کۆمار باشترە..!! من دەزانم لەو شەڕەدا نابەمەوە، دەستکەوتم ناوێت، ئەمریکاو ئیسرائیل بواری سەرکەوتنم نادەن، ئەوە دەزانم. رادیۆیەکی ئۆپوزسیونی ئەمریکی جارێک پرسییان، گریمان ئەوە بەشداریتکردو سەرکەوتی، هەڵوێستی ئەمریکا چی دەبێت؟ منیش بەو شێوەیە وەڵامم دانەوە:

وەک سەرۆکەکانی تری ئەمریکای لاتینی دەکوژرێم، دەمکوژن، ئەوانەی دژ بە سیاسەتی نارەواو پاوانخوازی ئەمریکییەکان بجولێنەوە، قبوول ناکەن، ئەوان چاویان لە خێرو سەرمایەی ئەو وڵاتانەیە، ئەوان بوار نادەن سەرۆکی میسر بیرو باوەری هەبێت، من دژی درندەیی ئەمریکییەکان و بوونی زایونیزمم لە فەلەستین و دژی کۆمەڵگەی ستەمی باوکسالارییم.

---

ئەو بابەتە لە دوا ژمارەی گۆڤار نمای سەنتەری نما لە هەولێر بڵاوکراوەتەوە.